Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# پەیوەندییەکانی کەنداو و هەرێمی کوردستان:
# گۆڕان لە پاڵنەرە سیاسییەکانەوە بۆ ستراتیجیەتی ئابووریی

**توێژەر:**

د. سەروەر محمد عبدللە

٢٠٢٦

Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

# بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

| جۆری بڵاوکراوە: | بابەت: | توێژەر: |
|---|---|---|
| پۆڵسی پەیپەر | پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | د. سەروەر محمد عبدللە |

## بەیاننامەی دامەزراوەکە:

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە بریتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیژییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

## تێبینی:

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٦
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# پەیوەندییەکانی کەنداو و هەرێمی کوردستان: گۆڕان لە پاڵنەرە سیاسییەکانەوە بۆ ستراتیجیەتی ئابووریی

## پوختە:


لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بە رێبازی چۆنایەتی (qualitative) بەستووە بۆ شیتەڵکردنی پەیوەندییەکانی وڵاتانی کەنداو و هەرێمی کوردستان، ئەم پەیوەندییانە نوێن و بۆ دوای ساڵی ٢٠٠٥ دەگەڕێنەوە کە پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناو دەوڵەتی عێراقدا وەك هەرێمێکی فیدراڵی ناسێنرا بە پێی دەستوری نوێی عێراق. توێژینەوەکە لە دوو تەوەردا خراوەنتەڕوو: یەکەم، تایبەتە بە گرنگیی هەرێم بۆ وڵاتانی کەنداو، کە لە دوای رووخانی رژێمی پێشوی عێراق کاتێك وڵاتانی کەنداو مەترسیی ئەوەیان بۆ دروستبوو کە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا و ئێران کۆنترۆڵی بڕیاری سیاسی لە عێراقدا کردووە، بۆیە نزیکبوونەوەیان لە هەرێمی کوردستان بۆ زیاتر فشار خستنەسەر عێراق بوو بۆ راگرتنی باڵانس. تەوەری دووەم، تیشکی خستووەتەسەر گرنگیی کەنداو بۆ هەرێم، بەوپێیەی هەرێمی کوردستان پێویستی بە کرانەوەی زیاترە کە لە ئێستادا هەرێم لە نێوان هەژموون و گوشاری دوو وڵاتی دراوسێی وەك ئێران و تورکیادا خەفە بووە، پێویستی بە پەیوەندیی تر هەیە بۆئەوەی ئەم ئەڵقە تەسکە جیۆپۆڵەتیکییە تێپەڕێنێت.

لە کۆتاییدا بەو دەرئەنجامەگەیشتین، کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان پێویستە لەو راستییە تێبگەن کە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ئێرانی لە هەرێمدا پارێزراو بێت، بەڵام خۆ نابێت قەتیس ببێت لەم نێوەندادا، پێویستە بەدوای دەرفەتێکدا بگەرێن بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئەم دوو وڵاتە دراوسێیە، بۆیە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەنداودا بە دەرفەتێکی باشتر و نزیکتر دەبینین بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەژموونە.

ئەم پەیوەندییانە لە دوو رووەوە گرنگ دەبێت، یەکەم: دەتوانێت دەرفەتی بەرچاو بەڕووی هەرێمدا بکاتەوە بۆ وەبەرهێنانی کەنداو لە پەرەپێدان و هەمەچەشنەکردنی ئابووریی هەرێمدا کە ئامانجێکی بنەڕەتیی هەرێمە، شان بەشانی نەوت وەبەرهێنانی زیاد بکات لە کەرتەکانی تری وەك کشتوکاڵ، پیشەسازی و گەشتیاریدا. دووەم: لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەتانی کەنداو دەستیانکردووە بە جێبەجێکردنی دیدگا ئابوورییەکەیان بۆ هەمەچەشنەکردنی بازاڕەکانیان، هەرێمش بە دوای بازاڕدا دەگەڕێت بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی، لەم سۆنگەیەوە دەتوانن هاوبەشێکی گرنگبن لە پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانیان.

## پێشەکی:

مەبەست لە وڵاتانی کەنداو گشت ئەو وڵاتانەیە کە ئەندامن لە ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو، ئەمانیش بریتین لە سعودیە، ئیمارات، قەتەر ،کوێت، بحرین و سەڵتەنەتی عمان. مەرج نیە ئەم وڵاتانە هەموویان کاریگەرییان هەبێت لەسەر هاوکێشە هەرێمییەکان، ئەو وڵاتانەی رۆڵی گرنگ دەگێڕن لەم نێوەندەدا بریتین لە سعودیە و ئیمارات و قەتەر ، هەڵبەت وڵاتانی تریش رۆڵیان هەیە هەریەکە بە پێی سەنگ و کاریگەریی خۆی، بەڵام مەرج نیە لە ڕووداوەکانی ناوچەکەدا هێزی سیاسیی ئەکتیف بن[١]. هەروەها ئەم وڵاتانەی ناونراون بە ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو مەرج نییە لە گشت پرسە سیاسی و ئاسایشییەکاندا یەك دەنگ و یەك هەڵوێست بن، بەڵکو لە هەندێک دۆسیەی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا یەك دەنگ نین، لە ئاستی نێوخۆدا کێشەیان هەیە وەك ئەو کێشەیەی لە نێوان قەتەر و سعودیە وئیمارات ڕوویدا و بووەهۆی جۆرێك لە دابڕانی قەتەر لە ئەنجومەنەکە بۆ ماوەی چەند ساڵێك[٢]. لە ئێستاشدا سعودیە و ئیمارات لەسەر چەند دۆسێیەکی هەرێمی ناکۆکن.

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر مەبەستی ئەو وڵاتانەیە کە زیاتر کاریگەرییان هەیە لەسەر عێراق و ناوچەکە و بە دیاریکراوی مەبەستمان ئەو وڵاتانەیە کە پەیوەندییان لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا هەیە، چونکە پەیوەندیی کورد و وڵاتانی کەنداو زۆر نوێیە و بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین بە نەناسراوی ماوەتەوە، لە بواری دیراساتی نێودەوڵەتییەکانیشدا لە چەند نوسینێك و دوو توێژینەوە تێپەر ناکات. کە توێژینەوەی یەکەمیان لە لایەن ماریا چارۆنتاکی لە ساڵی ٢٠١٦ دا بڵاو بووەتەوە لە گۆڤاری "لێکۆڵینەوەی عەرەبی" بە ناونیشانی "ووڵاتانی هاویکاری کەنداو لە سیاسەتی کوردا"[٣]، توێژەر زیاتر جەخت لە کەمی یان نەبوونی هیچ تۆمارێکی فەرمی دەکات لە پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ووڵاتانی کەنداو، تیایدا جەخت لە بوونی گرنگی ئەم پەیوەندیانە دەکاتەوە و براوی وایە کە مانەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستی فراواندا پەیوەستە بە گرێدانی هاوپەیمانیەتیەکان و بوون بە شێك لەم هاوپەیمانیەتیانە. هەروەها توێژەر باس لە بوونی ئەم پەیوەندیانە دەکات لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش و دەتوانێت ببنە پەیوەندی دور مەودا لە داهاتوودا. توێژینەوەی دووەمیان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا بڵاو بووەتەوە لە لایەن بەرێز د. زوبێر رسول عوسمان بە ناونیشانی "وڵاتانی کەنداو و هەرێمی کوردستان: پەیوەندییەکی پێناسەنەکراو"[٤]. توێژینەوەکە هەر بە تایتاڵەکەیدا دەردەکەوێت کە ئەم پەیوەندییانە نوێن و تەنها بۆ دوای ٢٠٠٣ دەگەرێنەوە، زیاتر چەخت لە پاڵنەری پەیوەندییەکان دەکات و بروای وایە سعودیە وەك کاردانەوەیەك پەیوەندییەکانی خۆی برەو پێداوە لە دوای ئەوەی عێراق لەسەردەمی مالیکیدا ٢٠٠٦-٢٠١٤ بە تەواوەتی لە لایەن ئێرانەوە کۆنترۆڵکرابوو. توێژەر پێی وایە کە سعودیە هەرێمی کوردستانی وەك فاکتەرێك بینیوە بۆ هاوسەنگ کردنی رۆڵی خۆی لە عێراقدا بەرامبەر هەژموونی شیعە، توێژەر وا دەبینێت کە دەرفەرت هەیە ئەم پەیوەندییانە برەوی پێبدرێت و ببنە پەیوەندی دور مەودا. لەگەڵ ئەم دوو توێژینەوانەشدا بە زمانی عەرەبی و کوردی چەندین ووتاری شیکاری و رۆژنامەوانی نوسراون بەڵام ناچنە قاڵبی توێژینەوەی زانستی، بۆیە لێرەدا گرنگی توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا بەدەر دەکەوێت و ئەو بۆشاییەی کە تا ئێستا قسەی کەمی لەسەر کراوە بریتیە لە ئەوەیە چ فاکتەرێك

پەیوەندییەکانی نێوان کەنداو و هەرێمی کوردستان ئاراستە دەکات، ئایا دەرفەت هەیە پەیوەندییەکان بگۆردرێن بۆ پەیوەندی دوور مەوداو ستراتیج؟

یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی کە پێویستە بە قوڵی کاری زانستی تێدا ئەنجام بدرێت ئەو دۆخە جیۆگرافیە داخراوەی هەرێم بە وشکانی وایکردووە هەرێمی کوردستان پێویستی بە کرانەوەی زیاتر بێت، بەتایبەت لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، چونکە لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە نێوان هەژموون و گوشاری دوو وڵاتی دراوسێی وەك ئێران و تورکیادا خەفە بووە، پێویستی بە پەیوەندیی تر هەیە بۆ ئەوەی ئەم ئەڵقە تەسکە جێوپۆڵەتیکیە تێپەرێنێت. ئەگەر بۆ وڵاتێکی خاوەن سەروەری دروستکردنی پەیوەندی و پەرەپێدانی بەرژەوەندیی هاوبەش گرنگ بێت، ئەوە بۆ هەرێمێکی نادەوڵەتی و داخراو لەڕووی جیۆگرافیەوە دروستکردنی پەیوەندی و دۆزینەوەی بەرژەوەندیی هاوبەش زیاتر گرنگترە. هەرێمی کوردستان پێویستی بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زۆرێك لە وڵاتاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ وڵاتانی دراوسێی دەوڵەمەند بەسەرمایە وەك وڵاتانی کەنداو پەیوەندییەکە پڕبایەختر دەبێت. لێرەدا بە گرنگی دەزانم باسی ئەم پەیوەندییانە بکەین بۆئەوەی بزانین ئەم پەیوەندییانە لەسەر چ بنەما و فۆرمێکە، دواتر ئەگەر پەیوەندی هەیە هەرێم چ گرنگییەکی بۆ کەنداو هەیە و بەپێچەوانەشەوە کەنداو چ گرنگیەکی بۆ هەرێم هەیە. توێژینەوەکەمان بۆ سەر چوار تەوەر دابەش کردووە: بەشی یەکەم تایبەت بە باکگراوندێکی مێژوویی بۆ ئەوەی لە مێژووی ئەم پەیوەندییانە بگەین، بەشی دووەم تایبەتە بە گرنگی هەرێم بۆ کەنداو، لە بەشێکی تردا تیشك خراوەتە سەر گرنگی کەنداو بۆ هەرێم، کۆتا بەش تایبەتە بە ئەنجام و راسپاردەکان.

-پرسیاری سەرەکیی توێژینەوەکە ئەوەیە چ فاکتەرێك پەیوەندییەکانی نێوان کەنداو و هەرێمی کوردستان ئاراستە دەکات، ئایا دەرفەت هەیە پەیوەندییەکان بگۆردرێن بۆ پەیوەندی دوور مەوداو ستراتیج؟

-ئامانجی سەرەکیی توێژینەکە بریتییە لە شیکارکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتانی کەنداو بۆئەوەی بزانین ئەم پەیوەندییانە لەسەر چ بنەما و فۆرمێکە، دواتر ئەگەر پەیوەندی هەیە هەرێم چ گرنگییەکی بۆ کەنداو هەیە و بە پێچەوانەشەوە کەنداو چ گرنگییەکی بۆ هەرێم هەیە.

-میتۆدی توێژینەوەکە بریتیە لە میتۆدی چۆنایەتی (qualitative)- شیکاری، بۆ تێگەیشتنی قووڵ لەم پەیوەندییانەی هەرێم و کەنداو کە تێیدا دوو جۆر سەرچاوە بەکارهاتووە: یەکەمیان ئەنجامدانی چاوپێکەتن لەگەڵ کۆمەڵێك پسپۆڕی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بۆ تێگەیشتنی فرێش لەسەر فۆرمی ئەم پەیوەندییانە و ئەو بنەما و فاکتەرانەی ئاراستەی ئەم پەیوەندییانە دەکات. سەرچاوەی دووەم بریتییە لە بەکارهێنانی پەرتوك و توێژینەوە و سەرچاوەی میدیایی بۆ دووبارە شیتەڵکردنەوەیان و بەکارهێنانەوەیان بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ئەم پەیوەندییانە و دواتر دووبارە بەکارهێنانەوەیان بە راڤەی نوێوە بۆ زانینی ئاست و دۆخی ئێستای ئەم پەیوەندییانە.

مێژووی پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ سعودییە (حیجاز) و خێڵە عەرەبییەکان و ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی، کاتێك میمونی کوردی یان گابانی کوردی لە ناوچە کورد نشینیەکانەوە بەرەو حیجاز و شاری مەدینە کۆچی کردووە بۆ فێربوونی فەرمودەکانی پێغەمبەر و فیقە لە هاوەڵانی پێغەمبەر، ناوی گابان لە نێو کۆمەڵێك لە فەرمووده کۆکراوەکاندا هاتووە وەك "أسد الغابة" ی ابن الأثير و "تجريد اسماء اصحابة"ی حافظ الذهبي[٥]. بەڵام لە مێژووی نوێدا، پەیوەندیی نێوان کورد وسعودیە بۆ دوای جەنگی جیهانیی یەکەم دەگەڕێتەوە کاتێك ژمارەیەك کوردی عێراق بەشدارییان لە رێنسانسی سعودیە کرد و بە دەیان کەسی شارەزای کورد ئەزموونی خۆیان خستە خزمەت دەوڵەتی تازە لەدایکبووی سعودییەوە. عەبدوڵا دەمەلوجی یەکەم کەسی شارەزای لە دایك بووی موسڵ بوو کە هاوکاریی پادشای سعودیە بوو لە دامەزراندنی یەکەم وەزارەتی دەرەوەی سعودیە لە ٢٣ ئەیلولی ١٩٣٢. دواتر دەمەلوجی بە یەکەم وەزیری دەرەوەی شا عەبدولعەزیز ئال سعود دەستنیشان کرا. لە هەمان ساڵدا دەمەلوجی گەڕایەوە عێراق و کۆمەڵێك کوردی شارەزا و بەئەزموونی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ سعودییە و لە وەزارەتی دەرەوە و هەندێکی تریان لە بواری دادوەری و بازرگانی و پەروەردە کاریان دەکرد[٦]. لە ساڵی ١٩٧٢شدا گۆڕینەوەی چەند نامەیەك لە نێوان مەلا مستەفا بارزانی و مەلیك فەیسەڵی سعودیەدا دەبێتە سەرەتایەك بۆ پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد و سعودیە، ناوەرۆکی نامەکان بریتیبوو لە تاوتێکردنی پرسی واژووکردنی پەیماننامەی دۆستایەتی لە نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو مەترسیەکانی بۆ کورد و ناوچەکە[٧].

سەبارەت بە پەیوەندییەکانی وڵاتانی کەنداو و عێراق، هەڵبەز و دابەزی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و لە دوای داگیرکردنی کویت لە لایەن عێراق و سەپاندنی ئابڵوقەی ئابووری و سیاسی بەسەر عێراقدا پەیوەندیەکانی عێراق و کەندا و بەیەکجاری پچران. وڵاتانی کەنداو هەر لەسەرەتای ڕوخانی ڕژێمی پێشووی عێراق ترسیان لێنیشتبوو کە ئاخۆ ئایندەی سیستەمی حوکمرانی لە عێراقدا چۆن دەبێت.

سەرەتا سعودیە و ئیمارات زۆر بە وردی چاودێری دۆخی عێراقیان دەکرد و خۆیان بە دور دەگرت لە هەر دەستێوەردانێك لە دۆخی ناوخۆی عێراق، بەڵام لە دوای ٢٠٠٣ ەوە وڵاتانی کەنداو بۆیان دەرکەوت پانتایی پەیوەندییەکانیان لەرووی قەبارە و کاریگەرییەوە لەگەڵ عێراقدا، چەند خولێك لە دوای ئێرانەوەن. لە نێوان ٢٠٠٦-٢٠١٤ بوونی نوری مالیکی بەسەرۆك وەزیرانی عێراق و رێبازە تایفیەکەی لەسیاسەتدا و فراوان بوونی رۆڵی ئێران لە عێراقدا بووە هۆی دورکەوتنەوەی وڵاتانی کەنداو لە عێراق. لە دوای ٢٠٠٦ لەوە بەدواوە عێراق وردە وردە چووە ژێر کۆنترۆڵی ئێران و شەری تایفەگەری لە عێراقدا گەشتە لوتکە، لەم سونگەیەوە وڵاتانی کەنداو بە تایبەت سعودیە پشتگیری لیستی ئەلعراقیەیان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠دا کرد کە زۆرێك لە دەستەبژێری سوننەیان تێدا بوو بۆ ئەوەی رێگربن لە دەرچوونەوەی نوری مالکی، بەڵام کاریگەریکی ئەو تۆیان نەبوو[٨]. هەرچەندە لیستی ئەلعراقیە لە پێش لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالکیەوە بوو بەڵام دوای هەڵبژاردنەوەی نوری مالیکی بووە بە سەرۆك وەزیران بۆ جاری دووەم، وڵاتانی کەنداو بۆیان دەرکەوت کە کاریگەریەکی ئەو تۆیان نیە و ئێران نەك کۆنترۆڵی بریاری سیاسی لە عێراقدا کردووە بەڵکو لە پێکهێنانی حکومەتیشدا ئەمریکای ناچار کردووە گفتوگۆی لەگەڵدا بکات.

دەوڵەتانی کەنداو بۆیان دەرکەوت کە عێراق قوڵاییەکی ستراتیجی بۆ ئێران دروستکردووە لە ناوچەکەدا، زیاتر لەوەشووڵاتانی کەنداو ترسیان لەوە هەبوو کە عێراق ببێتە لانکەی داعش و دواتر مەترسییە ئاسایشییەکان پەرە بسەنێت بۆ ووڵاتانی کەنداو و نەتوانرێت کۆنترۆڵ بکرێت. ویستگەیەکی تری مەترسییەکەیان دروستکردنی حشدی شعبی بوو کە هەڵگری ئینتمایەکی شیعی و مذهبین، لە دوای نەمانی داعش رەنگە ببنە داردەستێك بەدەست ووڵاتی ئێرانەوە و دژی بەرژەوەندییەکانی کەنداو هان بدرێن.

بەڵام لەگەڵ گۆرانی هەرێم بۆ بەرهەمهێنەری نەوت و غاز، تۆری پەیوەندییەکانی هەرێم و ووڵاتانی جیهانی دەستی بە فراوانبوون کرد، بەتایبەت لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی نەوت، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمپانیاکانی تورکیا و ووڵاتانی کەنداو. ئیدارەی هەرێم بەسەرکەوتووی پاڵپشتی تورکیای مسۆگەر کرد، ئەویش بە واژو کردنی چەند رێکەوتنێکی گرنگ لەسەر بنەمای ئاڵوگۆری بەرژەوەندی هاوبەش یان وابەستەیی ئابووری (Economic interdependence)[٩]. ئەویش بێجگە لە ئاڵوگۆری بازرگانی بریتی بوو لە بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لە رێگەی تورکیاوە بە تایبەت دوای دروستکردنی بۆری گواستنەوەی نەوت لە نێوان هەولێر و ئەنقەردا ناسراو بە "بۆری کوردستان"، بەم شێوەیە نەوتی کوردستان بۆ یەکەمجار گەیەنرایە بەندەری جیهان لەسەر دەریای ناوەراست. جگە لەوەش لەگەڵ دۆزینەوەی ئەم دوایەیی غازی سروشتی و بونی رێژەیەکی زۆر یەدەگی غازی سەلمێنراو لە هەرێمی کوردستان، بووە هۆی ئەوەی زیاتر بناسێنرێت لە سەر جوگرافیای وزە. ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی کوردستان لە گەڵ ووڵاتانی عەرەبی. ئەم پەیوەندیانە لە تەنها پەیوەندی سیاسی و بازرگانیەوە گۆران بۆ پەیوەندی ستراتیجی و وەبەرهێنان لە سێکتەری غازی هەرێمدا لەگەڵ کۆمپانیاکانی ئیمارات لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە.

سعودیە و ئیمارات بۆیان دەرکەوت کە بە تەنها پشت بەستن بە سوننەکان لە عێراقدا کاریگەریەکی ئەوتۆیان نابێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق کە تەنها لە ٢٠٪ دانیشتوانن ئەوکاتەش سوننەکان پەرتەوازە بوون، بۆیە لێرەدا گرنگی کوردیان بۆ دەرکەوت کە هەرێمێکی جێگیرتر و تاڕادەیەك گەشەسەندوترە لە چاو پارێزگاکانی تری عێراق،ووڵاتانی کەنداو بڕوایان وابوو کە نزیکبوونەوە لە کورد هێزێکی زۆرتر دەداتە ووڵاتانی کەنداو بۆ جێهێشتنی کایگەری لەسەر نوری مالیکی. وەك پسپۆڕێکی بواری پەیوەندییە نێودەڵەتیەکان دەڵێت کوردیان وەك فاکتەرێك دەبینی بۆ لاواز کردنی پێگەی مالیکی لە عێراقدا[١٠]. بۆ ئەم مەبەستە وەزارەتی دەرەوەی سعودیە پێشنیاری کردووە بۆ پادشای ئەوکاتەی سعودیە (عبدالله بن عبدالعزیز) کە مسعود بارزانی سەرۆکی ئەوکاتەی هەرێم بانگهێشتی سعودیە بکات، بۆ ئەم مەبەستە مسعود بارزانی لە ٢٠٠٧ و ٢٠١٠ سەردانی سعودییەی کردو لە ئاستێکی بەرزدا پێشوازی لێکرا، دواتر ٢٠١٥شدا جارێکی تر سەردانی سعودیەی کردو لە لایەن مەلیك سلمان بن عبدالعزیز پێشوازی لێکراو هەر لەوکاتەدا سەردانی ئیماراتیشی کرد.[١١]

بەکورتی کارتی کورد لە سیاسەتی دەرەکی سعودیە بریتییە لە هەڵکشانی ڕۆڵی ئەو ووڵاتە و دروستکردنی کاریگەری بە تایبەت دوای تێکچوونی باڵانسی هێز لە بەرژەوەندی ئێران، بەکارهێنانی کورد وەك کارتێکی فشار بەرامبەر هەژمونی شیعە لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەبەراود بە سوننەکانی عێراق لە ڕابردوودا کوردەکان ڕێکخراوتر و کاریگەرتر بوون. بۆیە لە روانگەی ریازەوە کورد بۆ ڕاگرتنی باڵانس تارادەیەك جێی متمانەو کاریگەرتر بوو، جگە لەمەش لە روانگەی سعودیەوە حکومەتی هەرێم لە باکوری عێراق لە ئێستادا رابەرایەتی قەوارەریەکی نیمچە سەربەخۆ دەکات و خاوەنی دامەزراوەی ئاسایشییە و توانای ئابووری هەیە بە تایبەت سەرچاوەی نەوت و غاز. ئەمەش وا دەکات کە سعودییە کورد وەك ئەکتەرێکی نیمچە دەوڵەتی ببینێت کە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەر هاوسەنگی هێز لە ناوخۆی عێراقدا. شان بەشانی ئەمە کارتی کورد لەسیاسەتی دەرەکی سعودیە لە ستراتیژیەتی هێزی نەرمی سعودیە دا، بە تایبەتی لە دوای بەهاری عەرەبیدا، شوێنی دەبێتەوە. بە شێوەیەك سعودیە دەتوانێت بە بەشداری ئەکتەرە نادەوڵەتیەکان و هەماهەنگی لەگەڵ کەمایەتیە غەیرە عەرەبییەکان، پاڵپستێکی بەهێز بێت بۆ سعودیە لە دورکەوتنەوە لە سیاسەتی تائیفی بۆ سیاسەتێکی پراگماتی تر و دیدی بەرژەوەندییەکی فراوانتر لە ناوچەکەدا. جگە لەمەش لە دیدی سعودیەدا، پەیوەندی کورد و شیعە پێویستە لە وێنەیەکی تری فراوانی کێبڕکێ لە ناوچەکەدا شرۆڤە بکرێت کە ئەمەش بریتییە لە چەسپاندنی کاریگەرییەکانی ئێران لە عێراقدا لە رێگەی پارتە سیاسییە شیعییەکانەوە و میلیشاکان و هەژمونکردنیان بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. سعودیە دەبینێت پاشەکشەی کردووە لەم مەیدانەدا بۆیە کارتی کورد و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ پارتە کوردییەکان لە هەرێمی کوردستان وەك ئامرازێکی ناراستەخۆ و پراگماتیك دەبینێت لە ئێستادا.

بۆیە لەم دوایانەدا سعودیە و ئیماراتیش دەستیان کردووە بە بینینی قازانجی ستراتیجی و سیاسی خۆیان لە هەرێمی کوردستاندا. سیناریۆی ئایدیاڵ لە داهاتوودا لە روانگەی ریاز و ئەبوزەبیەوە بریتییە لە بوونی قەوارەیەکی بەهێزی فیدراڵی لە ناوخۆی عێراق و سونی مەزهەب، دەبێتە هۆی ئەوەی کورد بتوانێت رۆڵی هەرێمی و ناخۆی هەبێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی هەر دوو وڵاتدا پێك بێتەوە. لە روانگەی هەردوو ووڵاتەوە کورد دەتوانێت وەك هێزێکی هاوسەنگ و بەربەستێك بێت بەرامبەر بە ئێران و هێزە شیعە عێراقیەکان کە ببێتە پاڵپشتێك بۆ هێزە سوننەکان لە عێراقدا.

لانی کەم لە روانگەی تیۆرییەوە پێگەی عەرەبی سوننە لە ناوخۆی عێراقدا بەهێزتر دەکات، بەوهۆیەوە دەستتێوەردانی ئێران لە ناوچەکەدا لاوازتر دەبێت وبەربەستێکیش دەبێت بۆ پردی ووشکانی ئێران بۆ لوبنان و دەریای ناوەراست. هەرچەندە دوای روخانی رژێمی ئەسەد لە سوریا پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا زیاتر لاواز دەبێت کە یەکێك بوو لە ئامانجە دورمەودا و ستراتیجیەکانی ریاز و ئەبوزەبی.

هەرچەندە ئەم پەیوەندییانە سنوردارن بەوپێی دەوڵەتانی کەنداو ناچارن جۆرێك لە هاوسەنگی بپارێزن لە نێوان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراقدا، بەڵام ئیمارات پەیوەندی دیپلۆماسی و سیاسی و ئابووری بەرفراوانتری هەیە لەگەڵ هەولێر بەبەراورد بە ووڵاتانی تری کەنداو کە قونصوڵخانەی خۆی لە ساڵی ٢٠١٢ دا کردووەتەوە دوای ئەو کویت لە ساڵی ٢٠١٥ و سعودیە لە ٢٠١٦ سەرەرای نارەزاییەکانی ئێران. حکومەتی هەرێم لەساڵی ٢٠١٤ مافی چوونە ژورەوەی بە بێ ڤیزە بە هاووڵاتیانی ئیمارات و قەتەر و کویت بەخشی. قەتەر لە ساڵی ٢٠٢٣ دا قونصولیەتی خۆی لە هەولێر کردەوە بەڵام تاوەکو ئێستا ووڵاتانی عمان و بحرین هیچ نوێنەرایەتیەکیان لە هەرێمدا نیە.

رێفراندۆمی هەرێمی کوردستان وێستگەیەکی تر ئەو پەیوەندییانە بوون کە ئەگەر بێت و ووڵاتانی کەنداو سەرپشك بکەیت لە نێوان عێراقێکی یەکگرتووی کۆنترۆڵکراو لە لایەن دەستەبژێری شیعەوە و پاڵپشت بە ئێران لەگەڵ جیابوونەوەی هەرێم لە عێراقدا ئەوە رەنگە کەنداو سەربەخۆیی هەرێمیان پێباشتر بێت. پێداگری سعودیە و ئیمارات لەسەر ئیستغلاکردنی پرسی کورد لە عێراق تەنها مەبەست لێی پچراندنی پەیوەندییەکانی بغداد و ئێرانە و کەمکردنەوەی نفوزی ئێرانە لە عێراقدا. پەیوەستە بەم نهجەوە قونصولی ئەوکاتەی سعودییە لە هەرێم عبدالمنعیم عبدالرحمن لە لیدوانێکیی تەم موژاویدا ووتی "سعودییە دەستبەرداری هەرێم نابێت"[١٢]. تەنانەت لەکاتی رێفراوۆدۆمیشدا دەنگۆی ئەوە بڵاو بوویەوە کە ئیمارات پاڵپشتی ئەو پرسە بوو، هەرچەندە بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە کە راستی ئەمە بسەلمێنێت. [١٣] ئەمە جگە لەوەی زۆرێك لە میدیا عەرەبیەکانی لە ٢٠١٧ وەصفی پرسی ریفراندۆمیان بە جیابوونەوە دەکرد لە کاتێکدا میدیای ئیماراتی بە سەربەخۆی وەصفی دەکرد.
بەڵام هەندێك لە توێژەرانی ئەم بوارە پێیان وایە پشتگیری لە پرسێکی هەستیاری وەك ریفراندۆم لەلایەن دوو ووڵاتی کەنداوەوە بۆ زیاتر ئیستیفزاز کردنی تورکیا بووە بەوپێیەی تورکیا لەکاتی گەمارۆکانی سعودییە و ئیمارات پاڵپشتی قەتەری کردو تەنانەت بنکەیەکی سەربازی تورکی لە قەتەر دروستکرد. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەنکەرە بوونی دەوڵەتێکی کوردی لە سنورەکانی خۆی وەك هێڵی سور دەبینێت. لە لایەکی ترەوە سعودییە قایم کردنی پێگەکانی خۆی لە هەرێمدا وا دەبینی کە ئامرازێکی گرنگ دەبێت بۆ هەوڵدان بۆ دروستکردنی هێزێکی هاوتەریب بەرامبەر کاریگەرییەکانی ئێران لە عێراقدا لە دوای ٢٠٠٣[١٤].

لە پێشوودا گرژێکانی نێوان قەتەر لە لایەك و ووڵاتانی ئیمارات و سعودیە لە لایەکی تر و تاوانبار کردنی قەتەر بە هاوکاری رێکخراو تیرۆریستیەکان بووە هۆی تێکچونی پەیوەندییەکانی قەتەر و ووڵاتانی کەنداو بڕیاری گەماۆر بەسەر قەتەردا سەپێنرا، ئەمەش بووە هۆی هەڵگەرانەوەی قەتەر لە ووڵاتانی کەنداو نزیکبوونەوە لە ئێران و تورکیا و تەنانەت کار گەشتە ئەوەی تورکیا بنکەی سەربازی لە قەتەر دروست بکات. ئەم کێشەیە لە راگەیاندنەکانیشدا رەنگی دایەوەو سعودیەکان هەشتاگی سعودیە لەگەڵ کوردستانە و قەتەریەکانیش هەشتاگی قەتەر لەگەڵ تورکیایە گشت شۆشیاڵ میدیای ئەو دوو ووڵاتەی تەنیبوو[١٥].

بەڵام لە ئێستا جۆرێك لە گرژی شاراوە لە نێوان ئیمارات سعودیەدا بەدی دەکرێت بە تایبەت لەسەر دۆخی یەمەن. بوونی هەموو ئەم ناکۆکیانە پێمان دەڵێن ئەستەمە هەموو وڵاتانی کەنداو یەك سیاسەتی گشتگیریان هەبێت بەرامبەر بە عێراق و هەرێمی کوردستان. زیاتر لەمەش لە ئێستادا سوننەکانی عێراق یەکگرتووترن بە بەراورد بە رابردوو، دووان لەسەرکردە سوننەکان "محمد حلبوسی و خمیس خنجر" لە گۆرەپانی سیاسیدا زۆر کاریگەرن و پشتگیری ناوخۆیی و هەرێمیشیان بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە. بۆیە بوونی چەند هێزێکی رێکخراو لە پارتە سوننیەکان لە ئێستادا کاریگەری دەکاتە سەر ئاراستەی بیرکردنەوەی وڵاتانی کەنداو بەرامبەر هەرێمی کوردستانیش بەو پێی هێزە سونییەکان دەتوانن رۆڵیان هەبێت بەرامبەر هێزە شیعەکانی عێراق، لەم کاتەدا فاکتەری کورد ئەو کاریگەری رابردوی نامێنێت[١٦]. جگە لەمەش پسپۆرێکی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان پێی وایە کاتێك ئەم ووڵاتانە پەیوەندی دەبەستن لەگەڵ ئەکتەرە نادەوڵەتیەکاندا چونکە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتدا(ناوەندا) باش نیە بەڵام کە پەیوەندییان لەگەڵ دەوڵەتدا باش بوو ئەو کات ئاراستەکەیان دەگۆرن[١٧].

لە بەر ڕۆشنای ئەو شیکارانەی سەرەوە لەسەر مێژووی پەیوەندییەکانی ووڵاتانی کەنداو و هەرێمی کوردستان بۆمان ڕوون بوویەوە کە پاڵنەری پەیوەندییەکان تارادەیەك سیاسی بوون، گرنگتر لەمەش پەیوەندییەکان کاردانەوە بوون زیاتر مۆرکێکی تاکتیکی بوون نەوەك پەیوەندی ستراتیج و دوورمەودا. لە هەموو حاڵەتێکدا دەوڵەتانی کەنداو پێدەچێت وانەیەك فێر بووبن لە جەنگی عێراقەوە کە هاوکاری ئەمریکا بوون لە خستنی صدام حسین بەڵام عێراقی دوای صدام حسین هیچ لە بەرژەوەندی ئەوان نەبوو بەڵکو بوو بە عێراقێك هێزی شیعەی سەربە ئێران باڵا دەست بوون. وەك دەڵێن عێراق بوو بە حەوشەی پشتەوەی ئێران، ئێستاش پاڵپشتی دروست بوونی هەر قەوارەیەکی تری سیاسی پێناچێت وای ببینن کە ئامانجە ستراتیجیەکانیان بە دی بهێنن. لەگەڵ ئەمەشدا، ووڵاتانی کەنداو پەیوەندییەکانیان دەگۆرێت بە پێی گۆرانکاری لە ژینگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی، بۆ نمونە باشتر کردنی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ بغداد رەنگە ببێتە هۆی پشت تێکردنی کوردی عێراق یان سوننەکانی عێراق خۆیان رێکبخەنەوە بەبەراورد بە رابردوو پێدەچێت سعودیەش سیاسەتی خۆی بگۆرێت. بۆیە پشتبەستن بەم ئەکتەرە هەرێمیانە گەرەنتی درێژخایەن نیە. کەواتە کارتی کورد لە سیاسەتی وڵاتانی کەنداودا رووی سیاسیەوە کەمتر وەك هاوپەیمانێکی دریژخایەن سەیر دەکرێت زیاتر وەك ئامرازێکی تاکتیکی سەیر دەکرێت. چونکە زیاتر بۆ شلکردنەوە و کەمکردنەوەی هەژمونی ئێرانە لە ناوچەکەدا. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا فاکتەری ئابووریش ڕۆڵێکی گرنگی گێرا لە پەیوەندییەکاندا بۆیە لە خوارەوە وەك بەشێکی تر تیشك دەخەینە سەر پەیوەندییە ئابوورییەکان.

ئەگەر بۆووڵاتێکی خاوەن سەروەری دروستکردنی پەیوەندیی و پەرەپێدانی بەرژەوەندی هاوبەش گرنگ بێت، ئەوە بۆ هەرێمێکی نادەوڵەتی و داخراو لەڕووی جوگرافیەوە دروستکردنی پەیوەندی و دۆزینەوەی بەرژەوەندی هاوبەش زیاتر گرنگترە. هەرێمی کوردستان پێویستی بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ زۆرێك لە ووڵاتاندا هەیە بەڵام لەگەڵ ووڵاتانی دراوسێی دەوڵەمەند بەسەرمایە وەك ووڵاتانی کەنداو پەیوەندییەکە پڕبایەختر دەبێت.

سەردانی بەردەوامی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بۆ ووڵاتانی کەنداو وەفدی کەنداو بۆ هەرێمی کوردستان ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ خواستی هاوبەش بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە دووقۆڵیەکانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش. ئەم پەیوەندییە ئابوورییانە لە دوو ڕووەوە گرنگ دەبێت: یەکەم هەرێمی کوردستان بەهرەمەندە بەسەرچاوەی سروشتی، زەوی کشتوکاڵی بە پیت و جگە لەوەش لەم ساڵانەی دوایدا وەبەرهێنان لە خانوبەرەدا رۆڵێکی کاریگەری گێرا، هاوکات دەوڵەتانی کەنداو خاوەن توانای دارایی ووەبەرهێنانی بەرچاون، ئەم هاوکێشە دەتوانێت دەرفەتی بەرچاو بەڕوی هەرێمدا بکاتەوە بۆ وەبەرهێنانی کەنداو لەپەرەپێدان و هەمەچەشەنکردنی ئابووری هەرێمدا کە ئامانجێکی بنەڕەتی هەرێمە شان بەشانی نەوت وەبەرهێنانی زیاد بکات لە کەرتەکانی تری وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری. دووەم لەگەڵ ئەمەشدا دەوڵەتانی کەنداو دەستیان کردووە بە جێبەجێ کردنی دیدگا ئابووریەکەیان بۆ هەمەچەشەنکردنی بازاڕەکانیان جگە لەوەش هەرێم بە دوای بازاردا دەگەرێت بۆ ساغ کردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی، لەم سونگەیەوە دەتوانن هاوبەشێکی گرنگ بن لەم پرۆسەیەدا بە تایبەت وەبەرهێنانی کەنداو لە کەرتەکانی کشتوکاڵ، تەکنۆلۆجیا و ژێرخانی ئابووری دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە پشتیوانیکردن و پەرەپێدانی ئابووری ناوچەکە.

چەندین ووڵاتی کەندا وەبەرهێنانی فراوانیان لە عێراق هەیە بە تایبەت ئیمارات تارادەیەکی کەمتریش ووڵاتانی تری کەنداو ، هەر لە ساڵی ٢٠١٤ەوە ئیمارات بووە گەورە هاوبەشی بازرگانی عێراق بەڵام زۆربەی وەبەرهێنانی ئیمارات لە هەرێمی کوردستان چربووەتەوە، تا ئێستا نزیکە لە ١٣٠ کۆمپانیای ئیماراتی کە تۆمارکراون لە هەرێم کاردەکەن. هەروەها کوێت بە شێوەیەکی سنوردار وەبەرهێنانی لە هەرێم هەیە بەڵام زیاتر فۆکەسی خۆی خستووەتە ناوچەی باشوری عێراق. بەرژەوەندییەکانی کۆیت لە عێراق بەگشتی لە چاویلکەی داگیریکردنی کۆیتەوە سەیر دەکرێت لە ساڵی ١٩٩٠ وە بە هێزکردنی پێگەی بەرگری خۆی بۆ دورکەتنەوە لە هەر ئەگەرێکی دوبارە نەبونەوەی سیناروێیەکی لەو شێوەیە. بۆیە کوێت دەیەوێت شان بەشانی بەرژەوەندییەکانی لە عێراقدا پەیوەندی لە گەڵ سەرکردەو هێزسیاسیەکانی عێراقدا باش بێت. هەر ناسەقامیگری و دروست بوونی ئاژاوەیەك لە عێراقدا مەترسی جدی بۆ کۆیت دەبێت.

**ئەم دوو خشتەیەیی خوارەوە زیاتر وەبەرهێنانی وڵاتانی کەنداو لە هەرێمدا ڕوونەکاتەوە.**

## خشتەی ژمارە ١

وەبەرهێنانی وڵاتانی کەنداو لە هەرێمدا ڕووندەکاتەوە کە لە دەزگای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانەوە وەرگیراون

| وولاتی وەبەرهێن | وەبەرهێن-ناوی کۆمپانیا | پرۆژە و بواری پرۆژە | ڕوبەر بە دۆنم | پارێزگا – ئیدارەی سەربەخۆ | سەرمایە بە دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|
| **ئیمارات** | اکروتیك-نارکۆ | کشتوکاڵی | ١٠٠٠ | زاخۆ - سەروکاتیا باژیرڤانیا زاخو | ٢٤٣٥٧٢١ |
| **ئیمارات** | ئوربیلا- ترۆجان | نیشتەجێ بوون باڵەخانەی بازرگانی خزمەت گوزاری | ١١٦.٥٩ | هەولێر-پیرزین | ١٤٢٨٦٥٢٥٠ |
| **ئیمارات** | الشرق الاوسط | نیشتەجێ بوون | ٢٢٠ | داون تاون-هەولێر | ٢٣٨٤٣٥٠٧٥ |
| **کوێت** | کومپانیا O.T.C کوێتی | معمل الانتاج حدید فی دهوك | ٤.٣٢ | دهۆک-سێمێل | ١٠٥٧٠٠٠٠ |
| **ئیمارات** | کۆمپانیای NRCO GENERAL TRADING FZCO ی ئیماراتی | کارگەی ( تمکین الإماراتیة) بۆ بەرهەمهێنانی بۆری پلاستیکی (H.D.P.E) | ٤.٨ | هەولێر- ناوەند | ٧٥٤٧٨١٩ |

## خشتەی ژمارە ٢

وەبەرهێنانی هاوبەشی وڵاتانی کەنداو لە هەرێمدا روندەکاتەوە کە لە دەزگای وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستانەوە وەرگیراون

| ووڵاتی وەبەرهێن | وەبەرهێن-ناوی کۆمپانیا | پرۆژە و بواری پرۆژە | روبەر بە دۆنم | پارێزگا – ئیدارەی سەربەخۆ | سەرمایە بە دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|
| **عێراق + ئیمارات** | کۆمپانیای گۆڵف مار | مجمع گارگۆ | ١٠٠ | ناوەندی سلێمانی فرۆکەخانە خزمەتگوزاری | ٢٨١٠٩٠٠٠ |
| **عێراق + ئیمارات** | کومپانیا دنیا + کومپانیا میراك | Dry Port of Duhok/DPD | ٣٦٠ | دهۆک-سێمێل: بازرگانی کشتوکاڵی خزمەت گوزاری | ٤٠٠٠٠٠٠٠ |
| **عێراق + ئیمارات** | کۆمپانیای (العین الدولیە للتامین) | بازرگانی | | هەولێر - عنکاوە | ٥٥٩٩٢٠٠ |
| **عێراق + ئیمارات** | کارگەی چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاک و دووبارە بەکارهێنانەوەی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا | }کۆمپانیای /(NORTH LIGHT) بۆ دەرهێنان و پاڵاوتن و بازرگانی نەوت و بەروبوومەکانی و وەبەرهێنانی و بازرگانی گشتی/ سنووردار+کۆمپانیا ی تدویر انترناشیونال) | ١٩٩ | ناوەندی هەولێر-پیشەسازی | مەرجدارە |

لەم ڕووەوە ئەگەر سەیری ڕێژەی وەبەرهێنانی وولاتانی کەنداو بکەین دەبینین ئیمارات ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە وەبەرهێنانی بیانی و هاوبەشدا، وەك یەکێك لە گەورە بەرپرسانی هەرێم دەڵێت وولاتانی کەنداو بۆ ئێمە گرنگن و پەیوەندی باشمان لەگەڵیاندا هەیە بەڵام پەیوەندیمان لەگەڵ ئیماراتدا نزیکتر و بەهێزترە[١٨]. ئیمارات لە ساڵی ٢٠١٢ قونصلولیەتی خۆی لە هەولێر کردووەتەوە و تا ساڵی ٢٠٢٣ قەبارەی وەبەرهێنانی ئیمارات سەرو دوو ملیار و نیو دۆلار بووە بەدیاریکراوی ٢.٥٢٩٦٥١٧٢٠[١٩].


پرۆژە وەبەرهێنەکان بەم شێوەیەی دابەش بوون: پرۆژەی ئۆربێلا لە هەولێر کە کۆمپانیای ترۆجانی ئیماراتی جێبەجێی دەکات بودجەکەی بڕی ١٤٢٨٦٥٢٥ دۆلارە. پرۆژەی داون تاون لە هەولێر لە لایەن کۆمپانیای شرق الاوسطی ئیماراتییەوە جێ بەجێ دەکرێت بودجەکەی ٢٣٨٤٣٥٠٧٥ دۆلارە. هەروەها کۆمپانیای (NRCO GENERAL TRADING FZCO ) ی ئیماراتی کارگەی ( تمکین الإمارتیە) بۆ بەرهەمهێنانی بۆری پلاستیکی (H.D.P.E) لە ناوەندی هەولێر جێبەجێ دەکات بە بودجەی ٧٥٤٧٨١٩. لە بواری کشتوکاڵیشدا پرۆژەی ئەگرۆتیك کە کۆمپانیای ئیماراتی NRCO جێبەجێی دەکات بودجەکەی ٢٤٣٥٧٢١ دۆلارە. ئەو کەرتانەی کە ئەم کۆمپانیایانە کاری تێدا دەکەن بریتین لە پیشەسازی، گەشتوگوزار، کشتوکاڵ، بازرگانی و خانوبەرە [٢٠]. جگە لە ئیمارات کومپانیای O.T.C کوێتی وەبەرهێنانی بە بری ١٠٥٧٠٠٠٠ دۆلارە کردوە لە دروستکردنی کارگەیەکی ئاسن لە دهۆك.

جگە لە وەبەرهێنانی بیانی ئیمارات رۆڵێکی بەرچاو دەگێرێت لە وەبەرهێنانی هاوبەشدا وەك لە خشتەی ژمارە دوودا دەردەکەوێت. لەلایەکی ترەوە و لە هەولێکی هاوبەشدا هەولێر و ئەبوظبی پێشنیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی ئابووری ئیمارات-کوردستانیان کردووە کە ئەمەش دەبێتە سەرەتایەکی بەهێز بۆ ئەوەی وولاتانی تری کەنداو هەمان ڕێبازی هاوشێوە بگرنەبەر بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییە بازرگانی و ئابوورییەکانیان، لە ٢٠٢٤ دا نزیکەی ٣ ملیار دۆلار قەبارەی ئاڵوگۆر نێوان هەرێم و ئیمارات بووە ، نزیکەی ١٢٨ کۆمپانیای ئیماراتی لە هەرێمدا کار دەکەن[٢١]. لە ساڵی ٢٠١٤ دا دوبەی ئۆفیسێکی بازرگانی لە هەولێر کردەوە بۆ پشگیریی و کار ئاسانی بۆ کۆمپانیا ئیماراتیەکان کە لە هەرێم کار دەکەن. بەڵام چەندین پێشهات و ئاڵنگاری بوونە هۆی خاوکردنەوەی ئەم پەیوەندیانە لە ساڵی ٢٠١٣ دا بریار بوو هەولێر ببێتە ناوەندێکی گەشتیاری گرنك کە ئامانجی ڕاکێشانی گەشتیارانی وولاتانی کەنداو بوو ، بەڵام هاتنی داعش دۆخێکی نائارامی خولقاند، دابەشبوونی وولاتانی کەنداو هەڵگەرانەوەی قەتەر لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو و نزیکبوونەووەی لە ئێران و تورکیا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سیاسەتی جیاواز لە لایەن وولاتانی کەنداووە بەرامبەر بە هەرێم پەیڕە و بکرێت، ئەمە بووە هۆی ئەوەی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو ستراتیجیەتێکی ئابووری هاوبەشیان نەبێت بەرامبەر هەرێم. یەکێکی تر لەو فاکتەرانەی بوونە کۆسپ لە ڕێگەی گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی کوردستان وولاتانی کەنداو پرسی ریفراندۆم بوو لە ساڵی ٢٠١٧ کە بووە هۆی پەراوێز خستنی هەرێم لە لایەن بغدادەوە و هەرێم جۆرێك لە پاشەکشەی دیبلۆماسی کردو ئەمەش بووە هۆی پاشەکشەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لە گەڵ وولاتنی کەنداودا.

دیسانەوە دابەشبوونی کورد لە ناوچەی زۆنی سەوز و زەرد ڕەنگە هۆکار بو بێت کە پلانێکی گشتگیری نیشتمانی نیە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەرێم و وولاتانی کەنداو. بۆ نمونە لە زۆرێك لەو وەفدانەی سەردانی کەنداویان کردووە یەکێتی نیشتمانی تێدا نەبووە و جگە لەوەی یەکێتی هەستی کردووە کە ئەم پەیوەندییە ئابوورییانە بە قازانجی لایەنێك بووە وەك لە هەردوو خشتەکەدا لە گرافەکانی خوارەوەدا بە روونی دیارە چ وەبەرهێنانی بیانی و چ هاوبەشیش تەنها یەك پرۆژەی خزمەتگوزاری لە فرۆکەخانەی سلێمانی هەیە ، بە ناوی پرۆژەی "مجمع گارگۆ" لەلایەن کۆمپانیای گۆڵف مار وە جێبەجێ دەکرێت کە پرۆژەیەکی خزمەتگوزارییە و ١٠٠ دۆنم زەوی  بۆ تەرخانکراوە و بودجەکەی بریتییە لە (٢٨١٠٩٠٠٠). ئەوەی لێرەدا جێی تێبینییە پرۆژەیەك بە وەبەرهێنێکی بیانی نەکراوە کە بتوانێت ببێتە هۆی بوژانەوەی ناوچەی سلێمانی و گەرمیان و راپەرین و هەڵەبجە  وەك ئەوەی لە هەولێر و دهۆك و زاخۆ کراوە. لەوانەیە خوێنەرێك تێبینی ئەوە بکات کە یەکێك لە کۆمپانیاکانی ئیمارات (داناغاز و هابەشەکانی) نزیکەی ٣.٥ ملیاری دۆلار وەبەرهێنانیان کردووە لە کەرتی غازدا لە کێڵگەی کۆرمۆر کە دەکەوێتە سنوری چەمچەماڵ[٢٢] . هەرچەندە ئەگەر باس لە وەبەرهێنان بکەین لە نەوت و غازدا ئەوە لە هەولێر و دهۆکیش چەندین کۆمپانیای جیاواز کار دەکەن و بگرە قەبارەی وەبەرهێنان لە بواری وزەدا زۆرترە، بۆیە لێرەکە ئیمە مەستمان پرۆژەی ئابووری و پیشەسازییە کە لە دەزگای وەبەرهێنان مۆڵەتی وەرگرتبێت.

**گرافی ١**


ناوچەی پڕۆژە بەپێی پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ




ڕووبەری پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان نیشان دەدات، کە لەلایەن پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆوە دابەشکراوە. قەبارەی زەوییە تەرخانکراوەکان بۆ وەبەرهێنان لە هەر ناوچەیەکدا نیشان دەدات، کە تیشک دەخاتە سەر گۆڕانکارییەکانی چالاکی وەبەرهێنان لە ناو هەرێمەکەدا.

## گرافی ٢


ناوچەی پڕۆژەی وەبەرهێنان بەپێی پارێزگا




ڕووبەری پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نیشان دەدات. هەروەها تیشک دەخاتە سەر جیاوازی قەبارەی وەبەرهێنان لە نێوان پارێزگاکان و ئاستی چالاکیی ئابووری لە هەریەکەیان.

## گرافی ٣


ژمارەی وەبەرهێنانە سەربەخۆکان لەلایەن وڵاتانی کەنداو بەپێی پارێزگاکان




ئەم ئامارە ژمارەی وەبەرهێنانە ڕاستەوخۆکانی دەوڵەتانی کەنداو لە هەرێمی کوردستان نیشان دەدات، کە بەپێی پارێزگاکان دابەشکراوە. کە ڕادەی وەبەرهێنانەکانی کەنداو لە هەر پارێزگایەکدا نیشان دەدات.

## گرافی ٤


دابەشکردنی پڕۆژە بەپێی پارێزگا و ئیدارەی سەربەخۆ




دابەشبوونی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە نێوان پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکاندا نیشان دەدات. تیشک دەخاتە سەر جیاوازی چالاکییەکانی وەبەرهێنان لە سەرانسەری ناوچە جیاوازەکاندا.

## گرافی ٥

کۆی وەبەرهێنانەکانی کەنداو بەپێی پارێزگاکان




کۆی وەبەرهێنانەکانی کەنداو لە هەرێمی کوردستان نیشان دەدات، کە بەپێی پارێزگاکان دابەشکراوە. هەروەها پشکی هەر پارێزگایەک لەم وەبەرهێنانانە نیشان دەدات.

جگە لە ئیماراتیش لە ماوەی یەك ساڵی رابردوودا قەتەر و هەرێم پەیوەندییەکانیان پەرەپێدا و لە سەردەمی کابینەی ٩ دا باشترکردنی پەیوەندییەکانی هەرێم و کەنداو لە پێشینەی کارەکانیان بوو. ئەویش بریتی بوو لە فراوانکردنی بازرگانی لەگەڵ دەوحە بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵدا دواتر پەرەپێدانی کەرتی وزەی هەرێم کە پێدەچێت قەتەر لە داهاتوودا لە کەرتی وزەی هەرێم رۆڵی بەرچاوی هەبێت. لە دیمەنە فراوانەکەدا قەتەر و ئیمارات لە پرۆژەیەکی گەورەتردا بەشدارن ئەویش پرۆژەی رێگەی گەشەپێدانە کە دەستپێشخەرییەکی ژێرخانی یەکجار گرنگە بۆ عێراق و تورکیا و وڵاتانی کەنداو لە داهاتوودا دەبێتە ڕێڕەوێکی بەدیل بۆ بازرگانی و گواستنەوەی شتومەك لە ڕێگەی بەندری فاوی عێراق بە رێگەی ووشکانی بۆ تورکیا.

شانبەشانی ئەم پرۆژەیەش قەتەر پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا گەشەپێداو لە کەرتی خانوبەرەو گەشتیاری و خزمەتگوزاری و وزەدا. بۆنموونە لە مانگی ئابی ٢٠٢٣ دا کۆمپانیای ئیستیثمار هۆلدینی قەتەر یاداشتێکی لیکتێگەیشتنیان لەگەڵ عێراقدا واژوو کرد کە بە پێی یاداشتەکە ئەم کۆمپانیایە بڕی ٧ ملیار دۆلار وەبەرهێنان دەکات لە کەرتی خانوبەرە و گەشتیاری و بنیاتنانی نەخۆشخانە[٢٣]. هەروەها لە مانگی نیسانی ٢٠٢٣ دا کۆمپانیایەکی تری قەتەر بە ناوی میلاحەی قەتەری خواستی خۆی دەربری بۆ خزمەتگوزاری دەریایی لە نێوان بەندەری ئوم القصر لە باشوری عێراق و ووڵاتانی کەنداودا. سەبارەت بە کەرتی ووزە قەتەر ئینێرجی ٢٥٪ پشکی لە پرۆژەی یەکگرتووی پەرەپێدانی گازدا هەیە بە بڕی ٢٧ ملیار دۆلار کە گاز و نەوت و ئاو وزەی خۆر دەگرێتەوە لە هابەشێکدا -کۆنسێرتێوم- کە هەریەك لە کۆمپانیای نەوتی باشوری عێراقی و تۆتاڵی ئینێرجی فەرەنسی لە خۆ دەگرێت[٢٤]. جگە لە وەبەرهێنان ووڵاتی قەتەر لە یارمەتی مرۆییدا چالاکەو رێکخراوی مانگی سوری قەتەر جێگە دەستیان دیارە لە هاوکاری مرۆی ئاوارەکانی عێراقدا.

گرنگی قەتەر بۆ هەرێم لە بواری گازی سروشتیدایە بە تایبەت دوای جەنگی ئۆکرانیا و خواستەکانی حکومەتی هەرێم بۆ زیاتر بەرهەمهێنانی غازی سروشتی ڕەنگە دەرفەتێکی گرنگ بێت بۆ قەتەر کە دووەم گەورەترین بەرهەمهێنەری غازە لە جیهاندا کە دەتوانێت شارەزایی و سەرمایەی خۆی لە کەرتی گازی کوردستاندا وەگەڕ بخات. هەروەها ڕەنگە قەتەر سود لە پەیوەندییە بە هێزەکەی لەگەڵ تورکیا وەربگرێت کە بتوانێت ئەکتەرێکی کاریگەر بێت لە بەرهەمهێنانی غازدا و ناردنی بۆ تورکیا بەمەش ئاسایشی وزەی تورکیا زیاتر گەرەنتی دەکرێت. جگە لەوەش پەیوەندی ئێران و قەتەر لەئاستێکی باشتردایە قەتەر ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە کەمکردنەوەی گرژێکانی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا هەروەها ئێران لە کاتی گەمارۆی سەر قەتەر لە لایەن ووڵاتانی کەنداوە ڕۆڵێکی ئەکتیڤی گیرا لە کردنەوەی کۆریدۆیەك بۆ ناردنی بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانی ئێران بۆ قەتەر و پاراستنی قەتەر لە گەمارۆکانی سعودییە و ئیمارات.

کەواتە قەتەر دەتوانێت رۆڵێکی باشتر بگێڕێت لەگەڵ ئەکتەرە شیعیەکاندا و هێزە چەکدارە شیعیەکاندا ئەگەر بێت و بەشدار بێت لە پەرەپێدانی غازی سروشتی هەرێم کە لەرێگەی ئێرانەوە دەتوانێت کاریگەری هەبێت لەسەریان کە هێرش نەکەنە سەر کێڵگە غازییەکانی هەرێم. چونکە لە ئێستادا ئەم جۆرە ئەکتەرانە بەهێزن و دەتوانن ببنە هۆکاری تێکدانی پەرەپێدانی غازی سروشتی وەك دەبینین بە درۆن پچر پچر هێرش دەکەنە سەر کێڵگە نەوتی و غازییەکانی هەرێم. بۆیە بە هاتنی دەوحە بۆ وەبەرهێنانی لە کێڵگەکانی غازی سروشتی پێدەچێت ببێتە هۆی کەمکردنەوە و نەمانی ئەم هێرشە درۆنیانە.

## دەرئەنجام

بەکارهێنانی کارتی کوردی لەلایەن وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیەوە، ڕەنگدانەوەی وەڵامێکی پراگماتیکە بۆ گۆڕانکارییە هەرێمییەکان کە ڕەگ و ڕیشەی لە لۆژیکی هاوسەنگی هێزدایە، بەڵام ئەم بەشداریکردنە وەک ئامرازێک دەمێنێتەوە نەک ستراتیج، کە بە پلەی یەکەم ئامانجی بەرپەرچدانەوەی کاریگەریی ئێرانە لە عێراقدا، زیاتر مۆرکێکی تاکتیکی بوون نەوەك پەیوەندی ستراتیج و دوورمەودا. بۆیە کارتی کورد لە سیاسەتی وڵاتانی کەنداودا لە رووی سیاسیەوە کەمتر وەك هاوپەیمانێکی درێژخایەن سەیر دەکرێت و زیاتر وەك ئامرازێکی تاکتیکی سەیر دەکرێت. لەگەڵ ئەمەشدا، ووڵاتانی کەنداو پەیوەندییەکانیان دەگۆڕێت بە پێی گۆرانکاری لە ژینگەی نێودەوڵەتی و هەرێمی، بۆ نمونە باشتر کردنی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ بغداد رەنگە ببێتە هۆی پشت تێکردنی کوردی عێراق. بۆیە پشتبەستن بەم ئەکتەرە هەرێمیانە گەرەنتی درێژخایەن نیە. بەڵام لەگەڵ گۆرانی هەرێم بۆ بەرهەمهێنەری نەوت و غاز، تۆری پەیوەندییەکانی هەرێم و ووڵاتانی جیهان دەستی بە فراوانبوون کرد، بەتایبەت لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی نەوت، لە نێویاندا کۆمپانیاکانی تورکیا، ئیدارەی هەرێم بەسەرکەوتووی پاڵپشتی تورکیای مسۆگەر کرد، لەگەڵ دۆزینەوەی ئەم دوایەیی غازی سروشتی و بونی رێژەیەکی زۆر یەدەگی غازی سەلمێنراو لە هەرێمی کوردستان، بووە هۆی ئەوەی زیاتر بناسێنرێت لە سەر جوگرافیای وزە. ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی کوردستان لە گەڵ ووڵاتانی کەنداو بە تایبەت ئیمارات کە لە ٢٠٠٨ەوە لە کێڵگەی کۆرمۆر دەست بەکار بووە و گەشەکردنێکی بەرچاوی لە بەرهەمهێنانی غازدا کردوە کە لە ئێستادا بری بەرهەمهێنانی رۆژانەی گەشتوەتە زیاتر لە ٥٠٠ پێسێجا لە رۆژیکدا. لەم روەوە فاکتەری ئابووری کاریگەر دەبێت لە گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی هەرێم و کەنداو، بەکورتی گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەرێم لەگەڵ کەنداو دا دەرفەتێکی بەهێز دەبێت بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکان بۆ پەیوەندییەیەکی ستراتیجیی لەسەر بەرژەوەندی هاوبەش.

## راسپاردە

١.کاربەدەستانی هەرێم پێویستە لەو راستیە تێبگەن کە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی تورکیا و ئێرانی لە هەریمدا پارێزراو بێت بەڵام خۆ نابێت قەتیس بێت لەم نێوەندادا، کە بەراستی دەبێت بەدوای دەرفەتێکدا بگەرێن بۆ کەمکردنەوەی هەژمونی ئەم دوو وڵاتە دراوسێیە بۆیە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەنداودا بە دەرفەتێکی باشتر و نزیکتر دەبینین بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەژمونە.

٢.ئەوەی تێبینی دەکرێت یەکێتی نیشتمانی ناوچەی زۆنی سەوز جگە لەوەی بێبەشن لە وەبەرهێنانی ئیماراتی پەیوەندییەکانیشیان لاوازە لەگەڵ وڵاتانی کەنداودا. یەکیتی زیاتر فۆکەسی لەسەر بەغدادە و قوڵایی ستراتیجی خۆی لە بەغداد دەبینێت بەڵام درکی بەوراستیەش کردووە کە لە هاوکێشە هەرێمییەکاندا بەغداد پێگەی لاوازەو زیاتر بەغداد دوای ئەنجام دەکەوێت نەوك خۆی رۆڵی هەبێت.

٣.وڵاتانی کەنداو لە ئێستادا دەزانن دەبێت بە ووریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا بکەن یاریکەرێکی چالاك نین کە ببێتە هۆی وورووژاندنی ئێران هاوکات بە چڕیش چاودێری پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغداد دەکەن و نایانەوێت بەرژەوەندییەکانیشیان لە بەغداد بکەوێتە مەترسیەوە بە هۆی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ هەولێردا. بەڵام دوای ئاسایی بوونەووی دۆخی وڵاتانی کەنداو وەفدەکانی هەرێم سەردانی قەتەر و ئیماراتیان کردووە بۆ پاراستی هاوسەنگی نێوانیان بۆ نیشاندانی سیاسەتی هاوسەنگی بوو بە مانای پاراستنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەریەکە لە ئیمارات و قەتەر. بۆیە لێرەدا گرنگە لە پەیوەندییەکانی نێوان قەتەر و هەرێمیش تێبگەین.

٤.زیادبوونی شوێن پێی دەوحە لە کوردستاندا دەتوانێت رۆڵێکی زیاتر بگێرێت لە عێراقدا، بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی قوڵی قەتەر لەگەڵ تورکیادا هەروەها پەیوەندییە درێژخایەنەکەی هەرێم و تورکیا قوڵاییەکی ستراتیج دەبەخشێتە قەتەر ڕەنگە لە ئێستادا تارادەیەك ئەوە بەسەرچوو بێت کە قەتەر و تورکیا لە میحوەری سوننەن و هەولێریش لەو محوەرەوە نزیکە کە پشتگیری لە دەستە بژێری سوننەکان دەکەن بەڵام لە ئێستادا پەیوەندی هەندێ لە دەستەبژێری سووننەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان باش نیە، کە ئەم کارەکتەرانە گرنگن بۆ کاریگەری دانان لەسەر وەبەرهێنانی قەتەر. جگە لەمەش پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دەوحەو هەولێر لە بواری وەزەدا پێشنیەی نیە و رەنگە ئیمارات بۆ دەوحە وەك رێنشاندەرێك رۆڵ بگێرێت بەو پێی ئیمارات لە ساڵی ٢٠٠٧ وە کۆمپانیای کریست پیترۆلیەم دواتر دانا گاز لە کەرتی وزەی هەرێمدا کار دەکات لە خوارو ناوەراستی عێراقیش لە کێڵگە نەوتی و گازییەکانی بصرەو دیالە گرێبەستی ٢٠ ساڵەی واژوو کردوە. پەیوەندییەکانی قەتەر و کوردستان دەرفەتێکی گرنگ دەرەخسێنن بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمدا لە سێکتەری غازی سروشتیدا و جگە لەوەش وڵاتانی کەنداو دیگایەکی هاوبەشیان هەیە بۆ جۆراوجۆرکردنی گەشتن بە بازارەکان و دەستخستنی بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی.

٥.ئەوەی تێبینی دەکرێت وڵاتانی کەنداو زیاتر فۆکەسیان لەسەر هەولێر و دەوروبەرەکەیەتی بۆ وەبەرهێنان وەك لەسەرەوە بینیمان. کە ناوچەکانی سلێمانی و رانیە و گەرمیان و هەڵەبجەش دەرفەتی وەبەرهێنانی باشتر هەن نەك تەنها لە بواری وەزەدا بەڵکو وەبەرهێنانی لە کشتوکاڵ و خانوبەرەو دروستکردنی ژێرخانی غاز ..هتدکە بەدەرفەتێکی گرنگ و باشتر دەبینرێت بۆ وولاتانی کەنداو با برێك لە وەبەرهێنانیش لەم ناوچانە بکەن.

٦.ئێمە لێرەدا فۆکەسمان لەسەر مەلەفی پەیوەندییەکانی کەنداو کوردستانە بۆیە بۆ یەکێتی گرنگە پێناسەی رۆڵی خۆی بکاتەوە لەم بوارەدا بە تایبەت لە ئێستادا دوای تێکچوونی باڵانسی هێز و پاشەکشەی ئێران لە ناوچەکەدا بەپێی پسپۆرانی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان باشتر وایە کورد ڕوو لە سعودییە و ئیمارات و قطر بکەن بەو پێیە کورد زۆرینەی سوننەن و فاکتەری مذهبی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا چونکە لە ئێستادا سوننەکانی عێراق پەرتەوازەن و شیعەکانیش ئەستەمە ببنە هاوڕێکی ستراتیج بۆ سعودییە. بۆیە لە ئێستادا بۆ یەکێتی گرنگە پێناسەی رۆڵی خۆی بکاتەوە چونکە باڵانسی هێز گۆڕاوە، جگە لەوەش سود بینین لە ئەزمونی قطر لە ئێستادا دەرفەتە بۆ پەرەپێدانی غازی سروشتی کە زۆرێك لەیەدەگی غازی سروشتی لە ناوچەی زۆنی سەوزە و بنیاتنانی پیشەسازییەکی مۆدێرن بە سود بینین لە شارەزایی قطر دەبێتە هێزیکی ئابووری بۆ ئەم ناوچەیە.

## سەرچاوەکان

[١] . د. زوبێر رەسوڵ ئەحمەد،بنەماپەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو راگەیاندن، هەولێر ٢٠٢٤. لاپەرە ١٣١-١٥٠.

[٢]. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم پرسە بروانە:
https://www.bbc.com/arabic/middleeast-40164799: https://www.alarabiya.net/arab-and-world/gulf/2017/06/05/%D9%84%D9%87%D8%B0%D9%87-%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B3%D8%A8%D8%A7%D8%A8-%D8%AA%D9%82%D8%B7%D8%B9-%D8%A3%D8%B1%D8%A8%D8%B9%D8%A9-%D8%AF%D9%88%D9%84-%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%A7%D8%AA%D9%87%D8%A7-%D8%A8%D9%82%D8%B7%D8%B1: https://www.aljazeera.net/encyclopedia/2018/5/23/%D8%AD%D8%B5%D8%A7%D8%B1-%D9%82%D8%B7%D8%B1-%D9%83%D9%8A%D9%81-%D8%A8%D8%AF%D8%A3-%D9%88%D8%A5%D9%84%D9%89-%D8%A3%D9%8A%D9%86-%D9%88%D8%B5%D9%84 [accessed at 7 Feb 2026] [accessed at 2 Feb 2026]

[٣] Charountaki, Marianna. "The GCC in Kurdish politics." Journal of Arabian Studies 6, no. 2 (2016): 201-215.

[٤] د. زوبیر رەسوڵ ئەحمەد, وڵاتانی کەنداوو هەرێمی کوردستان: پێوەندیێکی پێناسەنەکراو، گۆڤاری قەڵای زانست گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق بەرگی ٥ – ژمارە ١- ٢٠٢

[٥] دحام إبراهيم الهسنياني، سيرة الصحابي جابان الكردي وابنه التابعي ميمون ورواياتهما، مكتب التفسير للطبع والنشر، 2023.

[٦] . جاسم يونس الحريري، الدورى الخليجي في الملف الكردي في العراق بعد عام ٢٠٠٣. من الرابط:
https://caus.org.lb/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D8%B1-%D8%A7%D9%84%D8%AE%D9%84%D9%8A%D8%AC%D9%8A-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%84%D9%81-%D8%A7%D9%84%D9%83%D8%B1%D8%AF%D9%8A-%D9%81%D9%8A-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7/[accessed at 6 Jan 2026]

[٧] Charountaki, M., (2016) The GCC in Kurdish Politics, Journal of Arabian Studies, 6:2, 201-215, DOI: 10.1080/21534764.2016.1242232, p.204.

[٨] . هەمان سەرچاوە.

[٩] ئەم ووشەیە د. احمد داود ئۆغلۆ لە کۆنفرانسی ئاسایش و ئاشتی لە دهۆك- ٢٠٢٤ بەکاری هێنا و باسی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانی دەکرد لەگەڵ تورکیا ئەو کاتەی خۆی سەرۆك وەزیران بووە وەك میکانیزمێکی کاریگەر بۆ وەلانانی کێشە سیاسییەکان کاتێك بەرژەوەندییە ئابوورییەکان دروست بوون لە نێوان هەردوو لا.

[١٠] . چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ پسپۆرێکی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان- مانگی ٨-٢٠٢٥.

[١١] https://ara.yekiti-media.org/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%B3%D8%B9%D9%88%D8%AF%D9%8A%D8%A9-%D9%85%D8%B9-%D8%A5%D9%82%D9%84%D9%8A%D9%85-%D9%83%D8%B1%D8%AF%D8%B3%D8%AA%D8%A7%D9%86-%D9%88-%D8%A7/[accessed at 3 Feb 2026]

[١٢] . جاسم يونس الحريري، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[١٣] . چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ پسپۆرێکی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان- مانگی 8-2025.

[١٤] . جاسم يونس الحريري، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[١٥] . صلاح الدهني، كيف سترد تركيا على دعم سعودي للأكراد إثر الأزمة مع قطر؟ موجود على الرابط:
https://arabi21.com/story/1014875/%D9%83%D9%8A%D9%81-%D8%B3%D8%AA%D8%B1%D8%AF
D8%AA%D8%B1%D9%83%D9%8A%D8%A7-%D8%B9%D9%84%D9%89-%-
%D8%AF%D8%B9%D9%85-%D8%B3%D8%B9%D9%88%D8%AF%D9%8A-
%D9%84%D9%84%D8%A3%D9%83%D8%B1%D8%A7%D8%AF-%D8%A5%D8%AB%D8%B1-
%D8%A7%D9%84%D8%A3%D8%B2%D9%85%D8%A9-%D9%85%D8%B9-
%D9%82%D8%B7%D8%B1[accessed at 6 Jan 2026]

[١٦]. چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ پسپۆڕێکی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان- مانگی ١٢-٢٠٢٥

[١٧] . چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ پسپۆڕێکی بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان- مانگی ١-٢٠٢٦

[١٨] د. زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەد،بنەمای پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان، نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر ٢٠٢٤. لاپەرە ١٣١-١٥٠.

[١٩] . چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ بەڕێوەبەرێکی گشتی لە دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان- مانگی ٩-٢٠٢٥.

[٢٠] . هەمان سەرچاوە.

[٢١] . د. زوبێر ڕەسوڵ ئەحمەد،بنەمای پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکانی هەرێمی کوردستان، هەمان سەرچاوەی پێشوو

[٢٢] https://www.danagas.com/operations/kri/ [accessed at 1 Feb 2026]

[٢٣] رنج علاءالدين، استثمارات قطر في العراق توسع العلاقات الاستراتيجية ، ٢٠٢٤، من الرابط:
https://mecouncil.org/ar/publication/%D8%A7%D8%B3%D8%AA%D8%AB%D9%85%D8%A7%D8%B1%D8%A7%D8%AA-%D9%82%D8%B7%D8%B1-%D9%81%D9%8A-
%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82-%D8%AA%D9%88%D8%B3%D9%91%D8%B9-
%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%A7 [accessed at 5 Feb 2026]

[٢٤] . هەمان سەرچاوە.

## دەربارەی ئێمە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٩/١ لەلایەن کۆمەڵێک لە دەستەبژێری ئەکادیمی، ڕۆژنامەوان و ڕۆشنبیران دامەزراوە. ئەم دامەزراوەیە وەک خانەیەکی هزری بونیادنەر، لەپێناو تێگەشتنی هاوبەشدا کار دەکات، بە ئامانجی دروستکردنی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق، لە رێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دروستکردنی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان.

## دیدگا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، سەرچاوەیەکی متمانەپێکراوی زانیارییە و پردێکە لە نێوان توێژەران، ئەکادیمییان، سیاسەتمەداران، کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوڵاتیان و ناوەندەکانی بڕیار، بە مەبەستی بونیادنانی داهاتوویەکی گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق.

## پەیام

- بەهێزکردنی کلتووری بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە بڕیارداندا بەمەبەستی کارکردن بۆ حوکمڕانییەکی دروست.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە سەرجەم بوارەکانی سیاسی، یاسایی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەروەها داڕشتنی پلانی ستراتیجی بە مەبەستی بەشداریکردن لە گەشەپێدانی وڵاتدا.
- ئەنجامدانی گفتوگۆی بونیادنەر و بەرهەمدار بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمەڵگا.
- لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری، هەروەها پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاکان.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە بوارە ژینگەییەکان و گۆڕانی ئاو و هەوا.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq